# تێبینیەک لەسەر کۆنفرانسەکەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکاند دا

**قادر نادر**

لە چەند ڕۆژی ڕابردودا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکاندا،کۆنفرانسێکی بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید سازدا ، کە چەندین ڕێکخراو و کەسایەتی خە مخۆری مەسەلەی ئەنفال بەشدار بون . کە بە هەر پێوەرێک هەلیبسەنگێنین ، دەبێت بە پۆزەتیف سەیری بکەین ، بەمەرجێک تێبینیەکانی خۆمان بە ڕاشکاوانە ئاماژە پێ بکەین .

ئەگەر چی ئەم وەزارەتە بە چاوو گوێ ی دەبینێ و دەبیستێ ،کە ڕێکخراوی چاک لەچەند ساڵی ڕابردودا سەرەڕای سەرەتاو کەم دەرامەتی و ئەزمونی لە م مەسەلەدا ، کەچی توانی لە بواری تیۆردان و هوشیار کردنەوەی تێپەڕینێ ، وە کۆمەلێک سەرکەوتنی سیاسیش لە نێو پەرلەمان ، دادگا و ڕۆژنامەکانی ئەوڕپی بەدەست بهێنێ. ئاخر ئەو خۆ لە قەرە دانەی چاک ئەو پەندە کوردیەی بەناڕاست لە قەلەم دا ، کە بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە !!؟؟

هەق وابوو ئەم حکومەت و وەزارەتە ، بەلای کەمەوە لەماوەی رابردودا دەستخۆشی وهاریکاریەکی ئەو ڕێکخراوەی بکردایە ، کە لەسەر گیرفانە بەتاڵەکانی ئەندام ودۆستەکانی ئەرکی ئەو حکومەتەی کوردستانی جێبەجێ دەکرد کە بەملیارەها دۆلاری لەبەردەستە !!؟؟ ئەگەر نا ئابلۆقەی ڕاگەیاندنی لەسەر چالاکیانی هەلبگرتایە . ناشمەوێت بچمە سەر ئەو خانەی کە کاری وەزارەتە ئەم کارانە بکات یان نا ؟ چونکە ئەگەر دام ودەزگا سیاسیەکانی کوردی بەهەڵەش خزمەتێک بەدۆزی لە بیرکراوی 19 سالەی ئەنفال و کیمیاباران کراو بکەن هەر جێگای خۆشحالیە .

بەلام پرسیار ئەوەیە ئەم وەزارەتە لە یادی چووە کە دەبێت یەکەم هەنگاوی کارکردنی ، فشار و ڕەخنە بێت بۆ سەر ئەو حکومەت و پەڕلەمانەی کوردستان کە خۆی کۆڕپەیێتی ؟ ئاخر دەسەلاتێک تائێستا خۆی بەفەرمی دانی پێدانەنابێت چۆن دەتوانێت داوا لە پەرلەمانی ئەوڕپی یان کۆنگریسی ئەمریکی بکات !! ؟ ئەمە جگە لەوەی هەر لەناو ئەو وەزارەت وئەو پارتەی ، کە خاوەنی ئەم حکومەتەن دەیان وسەدان ئەنفالچی تاوانبار ، کە لەبری ئەوەی لە زیندانەکانی کوردستان چرکەو کاتژمێرەکانی ژیانیان بەسەر بەرن ، کە چی کوڕانی ناز هەلگرتوی پارتی زەردو سەوزن !! ئەمە جگە لە دابین کردنی ژیانێکی بەهەشت ئاسا بۆیان. کە لەبڕی ئەوەی داهاتی کوردستان لە بنەمالەی قوربانیان تەرخان بکرێت ، پێچەوانەکەی پەیرەو کراوە ، کە جەلادان و کورد کوژانی دوێنێ بە ناوی دیوەخانانە و بەشێکیشیان پیاو ماقولانە ، مانگانە دۆلار باران دەکرێن!!؟ .

باشە چۆن دەتوانین باسی ناساندنی جینۆسایدی گەلەکەمان بکەین لە کاتێکدا 16 سالە دەسەلاتی کوردی کەمترین پرۆژەی ئابوری و خزمەتگوزاری پێشکەش بە ناوچەی ئەنفالەکان کردوە ؟ 2 بەرپرسی سەرزل و گوتەبێژی بەردەم میدیاکانی کە بن زمان وسەرزمانیان ئەنفال و کیمیابارانە ، سەردانیان نەکردون ، دۆزەخی نوێی پاشماوەی قوربانی ئەنفالیان نەدیوە ، دڵی دوو منداڵی ئەنفالیان خۆش نەکردوە ....... لەکاتێکدا بەبەرچاوی هەمومانەوە بەرپرسان و بنەمالەکانیان ئەوڕپا ئاسا ژیان بەسەر دەبەن ، وەک ئەوەی ئەم نیشتمانە تەنیا موڵکی ئەوانە و خەلکی هەژاریش مرۆڤی پلە دووی بەردەستیانە !!!؟

تۆ بلێیت ئەم تۆرە ئەم بوێریەی ببێت ، سبەی کەمپینێک ساز بکات دژ جەلادێکی وەک وەفیق

**سامەڕائی کە بەپێ ی ووتەی زۆربەی تاوانباران بە داڕێژەری بیری ئەنفال ناسێنرا ؟ یان دژ بە جەلادێکی هاوشیوەی خەزرەجیدا کە دۆستی پارتی سەوز و کەسک بێت ؟ .**

**بەندە سەرەرای دەست خۆشی لەم وەزارەتە و ئەم هەنگاوەی ، بەلام دەبێت ئاگاداربین ، قۆناخی دروشمدان و فریودان تێپەری ، چونکە ئەگەر کۆنفرانسەک راسپاردەکانی نە چوە خانەی جێبەجێ کردنەوە ، ئەوا دەبێتە شکستەکی سیاسی و بەرپرسیارەتێکی مێژویشی دەکەوێتە سەرشان .**